کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-6-2007 15:30

## با منیش لەوبارەیەوە قسەی خۆم بکەم!!؟ ... بەختیارجاف

bextyarjaf@yahoo. com



پرۆسەی نووسین کە هەمیشە ناوەندی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵیدا ڕێدەکات و بەردەوامیش پێنووس لەم ناوەندەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، کارێکی ئەوتۆ نییە هەموو کەس بتوانێت خۆی لەقەرەی بدات و بەو ناوەندە هەڵشاخی، چونکی ئەمە پەیامە و لەهەمبەر گەیاندنی ئەو پەیامەشدا بەرپرسیاریەتیەکی گەورە هەیە، کەواتە پرۆسەی نووسین جگە لەوەی کارێکی سانا نییە بەو واتایەی کە هەموو تاکێك ناتوانی خۆی لەقەرەی بدات و لەم ناوەندە خۆی بدۆزێتەوە و ئەو پەیامەی کە دەخوازرێت وەك پێویست بیگەیێنێت، من نامەوێت لەڕاست نووسیندا چیدیکە بێژم، چونکی ڕەنگە کەسانی لە من شارەزاتر قسەی پتریان لەسەر کردبێت، ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بیخەمەڕوو چەمکی ڕەخنە و چۆنیەتی نووسینە لە نێوەندی ڕۆژنامەوانی کوردی، بەداخەوە ئەمرۆکە دەبینین کە ڕەخنە و نووسین نەك نەیتوانیوە ئامانجی خۆی بپێکێت، بەڵکو وایکردووە زۆرکات ببێتە ئامرازێك بۆ باڵاکردنی پتری لایەنی بەرامبەر و زۆرکات هەزم نەکردنی وایکردووە کە بە هەق لایەنی ڕەخنەگر و نووسەر دووچاری گەلێك لێپێچینەوە و ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت بووبێتەوە، ئەمەشە ئەوە دەردەخات کە تا ئێستا نە پرۆسەی نووسین و نە ڕەخنەش لای ئێمە نەیتوانیوە ئەو پەیامەی کە هەیەتی بەشێوەیەکی تەندروست بگەیێنێت و نەخوێنەریش توانییەتی پێیدا قورغ ببێتەوە، کەواتە ئاکام ئەوەیە لێکحاڵی نەبوونێك هەیە لە ناوەندەکەدا ئەمەش وایکردووە زۆری و بۆریەك بکەوێتە ناوەندەکە و هەموو ئەو حاڵتە نەشاز و ناشایستانەشی لێبکەوێتەوە کە ئەمڕۆ دەکەوێتە بەر دیدەمان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ئەوە ناگەیێنێت کە لە ناوەندەکەشدا پێچەوانەکەی نییە بگرە هەندێك نووسەر و ڕۆژنامەنووس هەن بەهەق توانیویانە پەیامی ڕاستەقینەی پیشەکەیان بگەیێنن و لەهەمبەریشدا حسێبی زۆریان بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەی کە جێی داخە ئەوەیە کە ئەمانیش بە پەنچەی دەست دەژمێردرێن و لە ناوەندەکەدا دیارن.

بۆیە دەکرێت ئێمە لێرەدا ئەوە بڵێین کە هەم پرۆسەی نووسین و هەم زمانی ڕۆژنامەوانی ئێمە هێشتا ناکەمڵە و گەرەکە پتر هەوڵی بۆ بدرێت تا وایلێبێت زیاتر هەزم بکرێت و بە حاڵی تەندروستی خۆی ڕێبکات، بێگومان کە ئەمڕۆکەش ئەم پرسە بەم شکڵ و شێوەیە دەبینین فاکتەر و پاڵتەری خۆی هەیە و تارادەیەکی زۆریش کاریگەری مێژوویەکی زۆر نزیکی هەیە، ئەویش سەرکوتکردن و لەناوبردن و بڕینی زمانە ئازادەکان و سوکایەتی پێکردنی ڕۆژنامەنووسان و هەتککردنیان و دۆزینەوەی شوێنگریان بە دروستکردنی نارۆژنامەنووسی زوڕناژەن و نووسەری لەقاڵبدراو، کە هەر لە سەرەتاوە یەکێك بووە لە سیاسەتە دیراسەتکراوەکەی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ بوو کاری جدیانە و بە پیلانی بۆ کراوە، بێگومان ئەمەش نەك کایگەری هەبووە و هەیە بگرە فاکتەری سەرەکی حاڵەتی ئەمرۆکەی نێوەندی ڕۆژنامەگەریە، چونکە ئەوانەی لە سەردەمی بەعس بە نادروستی لە ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی لەدایك بوون ئەمڕۆکەش ماوەن و بەهەمان ئەقڵیەت و بیرکردنەوە و تێهزرین کاردەکەن.

بۆیە دەرەنجامی ئەو حاڵەتە نەخۆشەی ئەمڕۆکەش هەیە لە ناوەندەکەدا بەشێکی سەرەکی بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە و دەبێت لەهەمبەریشیدا هەڵوەستەیەك بکرێت، ئەو ڕێنووسە توند و توندڕۆیەی ئەمڕۆکەش هەیە بێگومان ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو ویستە پەنگ خواردەیە کە لەهەمبەر یەك دونیا ناعەدالەتی و ناشایستەیەی ئەمڕۆکە دەبینرێت و لایەنە پەیوەندیدار و بەرپرسەکانیش لەڕاستیدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بێدەنگن، ئەمە جگە لە هەبوونی بەشێك لە بە نانووسەر و ناڕۆژنامەنووسی نەخۆش کە خۆیان وان و دەشیانەوێت وابن و هەمیشە لایەنی ڕەخنەگر بن و لە هەمووشت سەرنجیان هەبێت بەبێ گوێدانە هیچ پرنسیپ و بنەمایەکی پرۆسەی نووسین و ناوەندی ڕۆژنامەوانی، جا ئەم ناتەندروستانە گەر هیچ نەما قسەی لەسەر بکەن پەنا بۆ لێدانی نووسەر و هاوپیشەکانیان دەبەن و بە هەر ناوناتۆرە و شێوەیەك بێت هەوڵی لەکەدارکردنیان دەدەن و دەیان قسەی هەلەق و نابەجێیان بۆ هەڵدەبەستن.
بۆیە دەکارێ بۆ ئەو مەبەستە و دروست کردنی زمانی سەردەمانە و بوونیادی چەمکی ڕەخنەی تەندروست و دوور لە مەبەست و مەرام و ئامانج لەلایەن خودی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان (پرۆژەیەك) هەبێت و هەرکەس لەڕاست خۆیەوە کار بۆ ئەم پرۆژەیە بکات و هەوڵی جدی بۆ بخاتەگەڕ، ئەویش ئەوەبێت ئەوانەی کە خۆمان بەر لە هەموو کەس هەستی پێدەکەین وەك ڤایرۆسێك ئەمڕۆکە خزاونەتنە ناوەندەکە بەری پێبگیرێت و ڕێگای پێنەدرێت و لەلایەن خودی ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتەکان و ناوەندەکانی پەخش و بڵاوکردنەوەش بەگشتی ئەم بەرگرتنە کاری بۆ بکرێت و نەهێڵدرێت ئەم ڤایرۆسانە بەسەر حسێبی ناوەندەکە ئاکامی خۆی بپێکێت، چونکە ڕەنگە بەشێکیان بە مەبەست و بۆ ستراتیژیەتێکی دیار وەك مۆرانە دەوری ناوەندەکەیان دابێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.